# فدراسیۆنی داکۆکی لە گەلی کوردستان (FDK فدک) لە ئەمنە سوورەکە کۆدەبێتەوە و سمینارێک دەبەستێ




کاتژمێر 10:30 ی رۆژی شەممە 2005/11/26 فدراسیۆنی داکۆکی لە گەلی کوردستان FDK سمینارێکی بۆ سەلاح مەزن بەرپرسی ناوەندی هەڵەبجە لە کوردستان و سەرپەرشتیاری فدراسیۆن لە باخچەی ئەمنە سوورەکەی شاری سلێمانی رێخست، کە بەرێزیان سەبارەت بە دامزراندنی (سەنتەری ونبو و بێسەروشوێنکراوانی عێراق) چۆنیەتی بەشدارکردنی رێکخراو و کۆمەڵەکانی کەسوکاری ونبوو بێسەروشوێنکراوانی گەلەکەمان بە گشت نەتەوە و رەگەز و بیرورا جیاوازەکان و رۆڵی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالکراو بێسەروشوێنکراوان لەو سەنتەرە قسەی کردو، میکانیزمی دامەزراندن و بەرێوەچونی سەنتەرەکەی بۆ ئامادەبوان شیکردەوە، کەوا لە لایەن بەشی مافی مرۆڤی سەر بە نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کۆمەکیکردنی عێراق UNAMI و و ەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق کارنامەی دامزراندنی لە کۆبونەوەکانی عەمان 24 تا 28 ی ئەیلولی 2005 گەلالە کراوە و چاوەڕوان دەکرێ لە ئاییندەیەکی نزیك کارەکانی




خۆی دەست پێبکات، کە ئامانجی پێشکەشکردنی یارمەتی و ئاسانکاریکردنە بۆ کەسوکاری ونبو و ئەنفالکراو بێسەروشوێنکراوانی گەلەکەمانە تا بتوانن تەرمی قوربانییەکانی خۆیان بدۆزنەوەو بۆ زێدی بابو باپیرانیان بهێننەوە، هەروا مافی قەرەبوکردن و ژیانێکی شایستەیان بۆ دابین بکەن، هەروا لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەو هەولانەی کە رێکخراوەکانی ناو فدراسیۆن دەیدەن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و دیکۆمینت کەوا بە پێی پلانێکی گونجاو بەڕێوەدەچێ و توانراوە فۆرمی زانیاری بەسەر کەسوکاری قوربانیانی ناوچەکانی کەرکوك، سلێمانی و هەولێر دابەشبکرێ، لە تەوەرێکی دیکە باسی لە هەماهەنگی و هاوکاری وەزارەت و دامەزراوە حکومییەکان کرد، لەوانەش وەزارەتەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا، پاشان باسی لەو داوەتنامەیە کرد کەوا بۆ (2) دوو رێکخراوی

ئەندامی فدراسیۆن لە لایەن (لێژنەی نێودەوڵەتی ونبوان) هاتووەبۆ بەشدارییبون لەو کۆنفرانسی نێونەتەوەییەی کە لە سەرایفۆی پایەتیختی بۆسنیا و هەرزەگۆڤینا لە ماوەی 5 تا 12 ی نۆڤەمبەری 2005 سەبارەت بە گۆڕە بە کۆمەڵەکان دەبەسترێ، گوتی: هەوڵ دەدەین پردێك بۆ هاوکاری و زانیاری گۆڕینەوە لە نێوان فدراسیۆن و تۆڕی ڕێکخراو و کۆمەڵەکانی وڵاتانی بەلقان دروست بکەین.

پاشان بەڕێز مەنسور حەمە کەریم بەڕێوەبەری گشتی ئەنفال و ئاوارە لە وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئەنفال و ئاوارە باسی ئەو کار و چالاکی و خزمەتگوزارییانەی کرد کە وەزارەتی ڕێکخراوی ناوبرا و پێشکەشی کەسوکاری ئەنفالکراوانی کردوە، هەروا دووپاتی ئەوەشی کردەوە کە هەرچی لە توانادابێ لە هاوکاری فدراسیۆن دەکەن بۆ هێنانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و دامەزراندنی (سەنتەری ونبو و بێسەروشوێنکراوانی عێراق) بە هەنگاوێکی باش دانا، ئەمجار (حوسێن گەرمیانی) لە ڕێکخراوی قوربانیانی ئەنفال ـ سلێمانی) نمونەی ئەو فۆرمانەی پیشانی ئامادەبواندا کە بەسەر کەسوکاری قوربانیان دابەشکراون، پاشان هەریەکە لە سەلاح، مەزن لە (ناوەندی هەڵەبجە ـ هەولێر)، زەمان عەبدە لە (ڕێکخراوی ئاوارەکانی کوردستان ـ هەولێر)، مەنسور حەمەکەریم (ب. گ وەزارەتی مافی مرۆڤ)، جوان خان لە (ڕێکخراوی ژیان بۆ ژنانی ئەنفال ـ کەرکوك) ) وەڵامی پرسیار و بەدواداچونی ڕۆژنامەن و س و ئامادەبونیان دایەوە، ئەمەو شایانی گوتنە کەوا سمینارەکە لە لایەن ڕێزدار حوسێن گەرمیانی بە جۆشوخرۆشی زۆر بەڕێوەچوو.

دواتر هەر لە ئەمنە سوورەکە فدراسیۆن کۆبونەوەی ئاسایی خۆی بەڕێوەبرد، دوای بە دواداچونی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆبونەوەی پێشو، بەرنامەیەك بۆبەرە و پێشەوەبردنی کاروباری فدراسیۆن دانرا و، وێڕای ئەوەی کە ژمارەیەك تەوەر و بابەت تاوتوێکرا، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ژمارەی یاسایی ئەندامان ئامادەنەبوون، نەتوانرا هیچ خاڵێك بڕیاریان لەسەر بدرێ و دواخران بۆ کۆبونەوەی ئایندە کە وا لە کۆتایی مانگی داهاتو دەبەسترێ.

فدراسیۆنی داکۆکی لە گەلی کوردستان
FDK
2005/11/26